سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگی بەکارهێنانی پارەدان لەڕێگای کارتی ئەلیکترۆنی کردەوە

ئەمڕۆ یەک شەممە "محەممەد شیاع سودانی" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،جەختی لە گرنگی بەکارهێنانی پارەدان لەڕێگای کارتی ئەلیکترۆنی کردەوە ، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە پایەیەکی بنەڕەتییە بە چاکسازی ئابووری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-ئەمڕۆ"محەمەد شیاع سودانی"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بەدواداچوون بە گەشانکاری دارایی و ئابووری بە پارەدانی ئەلیکترۆنی و شوێنی فرۆشتنی کرد،بە بازرگانیکردن بە کارتی ئەلیکترۆنی (POS)، بە ئامادەبوونی پارێزگاری بانکی ناوەندی و ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران بە کاروباری ستراتیژی و ئابووری و بانکی، و بەڕێوەبەری گشتی پارەدان لە بانکی ناوەندی.

بەپێی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە:-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،گوێی لە پوختەیەک گرت سەبارەت بە دواین ڕەکارکان و وردەکارییە جەبەجەکارییەکان گرت بە گواستنەوە و پارەدان بە کارتی ئەلیکترۆنی، لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت،کە لەلایەن دەزگا پێوەندیدارەکانەوە جەبەجە دەکرێت لەگەڵ بەدواداچوون و چاودێریکردنی گواستنەوە و بەکارهێنان.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر ئەو باجەی کە لەلایەن دەسەڵاتی

دارایی و بانکییەکانەوە وەردەگیرن.

هەروەک سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە دەبەت هاووەاتیان لە بارگرانی دارایی زیادە دوور بخرێنەوە.

ڕوونیشیکردەوە:-کە ئامانج لەو سیاسەتی حکومەت ئاسانکارییە بە پارەدان لە هەموو بوارەکاندا،لە هەمان کاتدا دەستبەرکردنی ئاسایشە لە ئاستێکی بەرز.